بەپێی بەڵگەی سەلمێندراو لەلایەن دادگا ئیدانەکراون و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سزایان بۆ دەرچووە، بەرانبەر بە تاوانی لەناوبردن و پێشێلکردنی کەرامەتی دەیان هەزار قوربانی کوردی بێتاوان. ئەو تاوانبارانە تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤیان ئەنجامداوە، و تاوانەکانیان تاوانی گەورە و نێودەوڵەتین. تاوانباری ئیدانە کراو تاوانبارە: مەدەنی بێت یان سوپایی، و دەبێت بەپێی یاسا لە پێناوی جێبەجێکردنی داد سزابدرێت. چونکە سوپاییبوونی تاوانبار لەتاوان نابورێ (عەفوی ناکات) و لە سزای یاسایی سەپێنراو بەسەری دا دەربازی ناکات. بۆ نموونە وەزیری بەرگری رژێمی نازی ئەلمانی (گۆرینگ) و تاوانبارانی دیکەی نازی دەیانویست بە هەمان بیانوو لە دادگای نۆرنبێرگ وەک کارمەندی سوپایی فەرمانپێکراو خۆیان لە تاوان بدزنەوە و لە سزادان دەرباز ببن، بەلام ئیدیعاکەیان سوودی نەبوو و بە سزای رەوای خۆیان گەیشتن. جگە لەمەش تاوانبار سوڵتان هاشم بەخۆی سەرکردایەتی جێبەجێکردنی هەردوو قۆناخی یەکەم و دووەمی تاوانی ئەنفالی کردووە، و میدالیای ئازایەتی (نوط الشجاعة)ی رژێمی بەعسی فاشی وەک پاداش پێوەرگرتووە، و لەکاتی دادگاییکردنیشی هیچ پەشیمانییەکی بەرانبەر شالاوی بەدناوی ئەنفال پیشان نەدا، و بەهیچ شێوەیەک داوای لێبووردنی لە گەلی کورد یان خزمی ئەنفالکراوانی ستەملێکراو نەکرد. بۆیە راستە ئەفسەرێکی سوپا بوو، بەڵام ئەفسەرێکی دڵسۆزی رژێمی بەعسی فاشی و ئامرازێکی کاریگەری دکتاتۆری خوێنرێژی رژێمەکە بووە، ئەمەش مایەی بێتاوانی سوڵتان هاشم نییە، بەڵکو بەلگەی روونی تاوانباریەتی. بۆیە هەم هەڵوێستی جێگری سەرکۆمار بەرێز تارق هاشمی و هەم هەڵوێستی سەرکۆمار بەرێز جەلال تاڵەبانی — بەهەر مەبەستێک بێت — بە پێی هەموو پێوەرێکی دادپەروەرانە و هەڵسەنگاندنێکی دروست سلبییە، چونکە لەگەڵ بنەما یاساییەکانی داد بۆ هەلسەنگاندنی تاوانی شالاوی ئەنفال ناگونجێت، و پێچەوانەی بەرژەوەندی بالای نەتەوەی کورد و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان و عێراقە، و دژی داوای رەوا و هەقی یاسایی سزادانی گشت تاوانبارانی ئەنفال و تاوانە گەورەکانی دیکەی تاوانبارانی رژێمی بەعسە — و لەبەر خاتری لایەن و حکومەتە عەرەبە سوننییەکانە.

بەهەرحاڵ مەسەلەی پەکخستنی سزای هەموو یان هەندێک لە تاوانبارە ئیدانەکراوەکانی ئەنفال — لەلایەن هەر لایەنێک یان کەسایەتییەکەوە بێت — جێگەی سەرسوڕمان و ناڕەزایی گشت نەتەوەی کورد و هەمو دۆستانی کوردە لەسەرانسەری جیهان دا، بۆیە پێویستە لەم بارەیەوە رەخنەیەکی توند و ئاشکرا لە هەڵوێستی جێگری سەرکۆمار تارق هاشمی و لایەنە عەرەبە سوننیەکانی پاڵپشتی سزانەدانی تاوانبارانی ئیدانەکراو بگیرێت. هەروەها دەبێت رەخنە لە هەڵوێستی سەرکۆمار رێزدار جەلال تاڵەبانی ش لەم بارەیەوە بگیرێت و گلەییەشی لێبکرێت. پێویستە بەرێز سەرکۆمار مام جەلالیش بە سنگێکی فراوانەوە ئەم رەخنە و گلەییە وەربگرێت، چونکە رەخنەی بنیاتنەر و گلەیی دلسۆزانە هەوێنی دیموکراتیی و هۆکاری پێشکەوتنن.

بەڕای من پێویستە لەسەر بێرۆی سەرکۆمار بەرێز مام جەلال هۆکار و ئیشکالی ئەم هەڵوێستە لە روونکردنەوەیەکی تایبەت دا دیاربکات، و دیاری بکات کەوا سەرکۆمار بەهیچ شێوەیەک دژی جێبەجێکردنی حوکمی بریاردراوی دادگا دەرهەق تاوانبارانی ئیدانەکراوی تاوانی ئەنفال نییە و سەرۆکایەتی کۆماری عیراق خۆی تێکەڵی ئەم مەسەلەیە و کاروباری دەسەلاتی دادوەری ناکات: بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵوێستەکەی سەرکۆمار نەکرێتە کۆسپ لەسەر رێگەی جێبەجێکردنی سزای رەوای تاوانبارانی ئیدانەکراوی شالاوی جینۆسایدی ئەنفال، بۆ ئەوەی هەڵوێستی سەرکۆمار و جێگرێکی وەک دەستتێوەرردانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە کاروباری دادوەریی حسێب نەکرێت و دادوەریی لە عیراقی نوێ دا ئیفلیج نەبێت. بەمەش خزمەتێکی گەورەی گەلی کورد بەگشتی، و خزم و کەسی هەستبریندارکراوی ئەنفالکراوان بە تایبەتی، هەروەها مەسەلەی پاراستنی سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەریی لە عێراقی نوێ دا دەکرێت.